# قەیرە کچەکان بۆئەوەی شووبکەن پەنا دەبەنە بەر دوعای مەلاو نوشتەی شێخەکان

ڕاپۆرت:ئاسۆ



ڕاپەرینی کورد لە ساڵی 1991 چەندین گۆڕانی بەدوای خۆیدا هێناو کۆمەڵێ کوردیی لەو دەمەوە تا ئێستا بەچەندین قۆناغی دژواردا تێپەڕیوە، بەلأم دوابەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق تاڕادەیەك ژیانی خەڵك لەڕووی ئابورییەوە ڕووی لەباشبوون کرد بەلأم زۆری نەخایاند کە ئەم ئومێدە بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشت، جەنگی نێوان شیعەو سوننەو گەندەڵی لە کوردستان و نەبوونی حزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لەم وڵاتە وایان لەخەڵك کرد جارێکی تر بێ ئومێدیی و ڕەشبینی دایانبگرێتەوە، زۆربەی لاوەکانیش پەنا دەبەنەوە بۆ ڕێی قاچاخ بەمەبەستی گەیشتن بە ئەوروپا، بارودۆخی ژنان لەو قۆناغە جیا جیایانەدا دوو هێندەی پیاوان سەخت بووە، ژنان جگە لەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالاریی لە کوردستان دەیانچەوسێنێتەوە هاوکاتیش کۆی بارودۆخە سیاسی و ئابورییەکان بەڕاددەیەکی بەرچاو زیانی بەژنان گەیاندووە.

ئێستا لە کوردستان قەیرەبوونی کچان کێشەیەکی شاراوە لەنێو کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی نهێنی قسەی لەسەر دەکرێت و کولتووری کۆمەڵگە ئازادییە فەردییەکانی داگیر کردووە و تەنیا ڕێگاش بۆ مومارەسەکردنی جنس ڕێگەی زەواجە، بەلأم زۆربەی لاوانی کوردستان ئامادەنین زەواج بکەن و تەنیا ڕێگەی دەربازبوونیان خۆی لەڕێگەی هەندەراندا دەبینێتەوە.

ئێستا کچانی قەیرە دەیانەوێت بەرێگەو شێوازی جیاواز هاوسەرێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بۆئەوەی لەژیانی تەنیایی ڕزگاریان بێت و لەگەڵیدا کوڕان بەبێ ئیرادە دەزانن و دەڵێن شانیان بەرپرسیاریی هەڵناگرێت، هەرچی کوڕانیشە بەهەموو جۆرێك خۆیان لەزەواج دەدزنەوە و دەڵێن ژیانی هاوسەریی ژیانی نەگبەتی و نەهامەتییە، باس لەوە دەکەن نایانەوێت کە ئەزموونی باوانیان دووبارە بکەنەوە، بەڵکو هەموو ژیانیان ڕاکردنە بەدوای نەوت و غاز و سووتەمەنیدا.

پێتان سەیر نەبێت کاتێك باس لەوەبکرێت کچانی دەرچووی زانکۆو پەیمانگا پەنا بۆ جادوو نوشتەو دوعا دەبەن بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە کوڕێك بێت بەلایاندا و ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ پێك بهێنێت.

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێت چەندین نهێنی دڵی کچان ئاشکرا بکەین و بۆچوونی کوڕانیش لەو بارەوە وەربگرین، بەلأم زۆربەی کچان تەئکیدیان لەسەرئەوە کرد ناویان بەشێوەی هێما یان ناویان بەتەنیا بنووسرێت.

ئەڤین- پێی وتم کە تەمەنی 29 ساڵەو لەخێزانێکی هەژارە، وتی: هۆکاری شوو نەکردنم ڕەنگە بۆ هەژاریی خێزانەکەم بگەڕێتەوە، من خاوەنی بڕوانامەم و موچەیەکی باشم هەیە، تا ئێستا چەندین کەلوپەلی ناوماڵم کڕیوە، خۆشم پارەیەکم هەیە هەر کەسێك بێتە داوام ئامادەم بەو پارەیەی خۆم مەسرەفی زەواجەکەم تەواوبکەم و ئەو کەلوپەلانەش بۆ ماڵەکەمان بەکاربهێنم، من بیرم لەوەنەکردۆتەوە کە پەنا بەرمە بەر نوشتە یان ڕێگایەکی تر، بەلأم دایکم لەڕێی مەلای مزگەوتەوە، داوای لەو مامۆستا ئاینییە کردووە کە دوعای خێرم بۆ بکات و کوڕێکی باش و ڕێكوپێك بێتە داوام، وابزانم ئەمە کارێکی شەرعییەو هیچ خراپییەکی تێدانییە، من بۆ خۆم کۆمەڵێك هەڵەم هەبوو

لەسەرەتای تەواوکردنی پەیمانگا چەند کوڕێك هاتنە پێشەوە، بەڵام ئەگەر بەراستی پێت بڵێم لووتبەرزیی خۆم منی گەیاندە ئەم حاڵەی ئاوای لێکردم کە شەوان لەسەر جێگا داوا لەخودا بکەم کە لەم تەنیاییە ڕزگارم بکات، بێ ئومێدنیم و چاوم لە دەرگایەکە کە هەر کەسێك دەبێت بەباوکم بڵێت بمکە بەکوڕی خۆت.

شیرین- وتی: من تەمەنم 33 ساڵە و هەڵگری بڕوانامەی زانکۆم، من هیچ بەعەیبەی نابینم تۆ هەوڵ بدەیت هاوسەرێك بۆ خۆت بدۆزیتەوە، ئیتر بەهەر ڕێگایەك بێت، نوشتەش هەر لەوڵاتی ئێمەدا هەبووە، بەڵام من باوەڕم پێی نەماوە، سەد نوشتەم کرد بەڵام جێگایەکی نەگرت، بەخوا دوعاش کاری نەماوە، گەنجە دەوڵەمەندەکانمان کچی پانزە و شانزە ساڵ دەهێنن، هەژارەکانیش یان دەرۆن بۆ خاریج یان کە باسی زەواجیان لادەکەن خۆیانی لێ گێل دەکەن.

جیلی ئێمە شانسی نەبوو، کۆڕەو و شەڕی ناوخۆ و گرانی بەسەردا هات، ئێستاش پێمان دەڵێن قەیرە، بڕوابکەن من ئامادەم شوو بەهەژارترین کوڕ بکەم بەخوا هەر دەیپەرستم، بەڵام کە نەبێت چی بکەین، ئیتر ئەوە قەدەری ژیانمانە.

کوێستان- وتی: من تەنیا ڕێگای دوعاکردن لەخودا بەباش دەزانم، مامۆستای ئاینیش پیاوانی دینن، خراپ نییە لێیان داوابکەی، من 30 ساڵ تەمەنمە تا ئێستا چاوەڕێم کەسێك لە دەرگامان بدا، کوڕ زۆر دێنە ڕێگات، بەڵام ئەو کوڕانە بۆکات بەسەر بردن دێن نەك بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی تا ئێستا چەند جار تێکەوتووم، بەڵێ‌دوعاشم کردووە و داواشم لە مامۆستای ئاینی کردووە بەڵام ئێستا کەڵکی نەماوە.

ڕێزان- وتی: تەمەنم 37 ساڵە، تازە ئومێدم نەماوە بەزەواج، ئەمساڵی ڕابردوو دوو کەس هاتوون هەردووکیان ژنی تریان هەبووە، ئامادەنەبووم لەدۆزەخێکەوە بچمە دۆزەخێکی تر، بۆیە نە دوعاو نەجادوو نەنوشتە کار لەم وەزعە ناکات، بەس خۆزگە هەندەران نەمایە ئاخر هەندەران قوڕی کرد بەسەر کچی کوردستاندا و تووشی ئەو کێشەیەی کردین، من باوکم زۆر هەوڵیداوە خۆی کەسێك بدۆزێتەوە بەڵام تەمەنی من بۆتە ڕێگری!. بۆیە پێم سەیرە باسی قەیرەیی کچ دەکەن، ئێستا ماڵ نییە کچێکی قەیرەی نەبێت، ئیتر هەقە ئەو زاراوەیە نەمێنێت، ئەو وشەیەی قەیرە ئێمە بریندار دەکات.

کوڕان چی دەڵێن ؟

زانا کوردستانی – وتی: خەتای لاوان نییە، بەڵکو کێشەکان خەتای دەسەڵاتە، کرێی خانوو بەچوار وەرەقەیە، لانی کەمیش ژن هێنان پێویستی بەدەهەزار دۆلارە، من لەتۆ دەپرسم، بەموچەی 100 دۆلار یان دوو سەد دۆلار بەچەند ساڵ دەهەزار دۆلار پاشەکەوت دەکەیت؟ پاشان نە ئاو، نە کارەبا، نە ڕێگاوبان نەخانوو نە ژیان هەیە ئیتر کێ دەتوانێت زەواج بکات؟.

عەلی ساڵح – وتی: بەبۆچوونی من کێشەی سەکەن گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم ژن هێنان دوای ئەوەش هەندەران لەمێشکی هەمووماندایە، بۆیە زەواج لەوڵاتی ئێمە کەمە، ئەگەر تاچەند ساڵێکی دیکە وا بڕوات گەورەترین کێشە بەرۆکی کوردستان دەگرێت، بەڵام حکومەتەکەی ئێمە و حیزبەکان هەر خەریکی گیرفان پڕکردنن، هەمووومان بەرۆژێك بمرین بەلایانەوە گرنگ نییە، لەبارودۆخێکی ئاوهاشدا ژن هێنان خۆ ئینتیحار کردنە.

کوردۆ جەمال- وتی: پێموایە تەنیا کچان بێزارنین، بەڵکو کوڕانیش تەنیایی بێزاری کردوون، بەڵام پەنابردن بۆ زەواج وەك پەنابردن بۆ مردن وایە، کاکە کەژنت هێنا لەم وڵاتە هەموو ژیانت دەبێت بەدۆزەخ، دەبێت بەدوای خانوو

و کارەباو ئاو هەزار شتی تردا ڕابکەیت، ئیدی تام لەزەواجەکە نابینی، برۆ بۆ دادگای سلێمانی بزانە چەند کەس کە خێزانیان پێکەوە ناوە و ئێستا داوای جیابوونەوە دەکەن، ئاخر گەنجی قوڕبەسەر چی بکات؟

سیروان محەمەد – وتی: ژن هێنان ئەوە نییە کە بچیتە داوای کچێك و تەواو، بەڵکو کڕینی ئاڵتونە، جلوبەرگی بووکە، گرتنی چەند سەیارەیەکە بەدوای بووکدا هۆڕین لێ بدات، حەفلەیە، هۆتێلە،کڕینی سەیارەیە، خانووە، ئیشی باشە، پیاسەی سەیرانگاکانە، چوونە ماڵی خەزوورە، هەموو ئەمانە بەمنی قوڕ بەسەر ناکرێت، من پارەی باسەکەو جلوبەرگی خۆمم بەهەزار حاڵ پێ دابین دەکرێت، ئیتر ژن بەچی بهێنم؟

وەرە ئەوە جزدانی پارەکەمە بزانە چەندی تێدایە؟ کچ لەسەرەتادا دەڵێت هیچم ناوێت بەلام کەملت بوو بەپەتەکەوە ئیتر هەموو شتێکت پێدەکەن، برایەکم ژنی هێناوە ژنەکەی شەو و ڕۆژ شەڕیەتی لەگەڵماندا، بەبراکەم دەڵێت خوا دەوامت نەدات پیاوی خەڵك خانووی دووقاتی هەیە، سەیارەی هەیە هتد... .

بڕوات هەبێت ماڵمان دەڵێی فەلوجەیە دایمە شەڕە، من لەگەڵ کچانیشم و حەقی خۆیانە بەلام نەکچ بەرپرسەو نەکوڕ، ئەوەی بەرپرسی یەکەمە تەنیاو تەنیا حکومەتە.

*بەڵێ زۆربەی کچان و کوڕان حکومەت بە بەرپرسی یەکەم دادەنێن، هەرچەندە حکومەت بڕی سێ هەزار دۆلاری بۆ هەر لاوێك داناوە کە زەواج بکات، بەلام دەرکەوت چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پەیوەندیی بەچارەسەرکردنی کێشەی سەکەن و باشترکردنی بارودۆخی لاوان و دۆزینەوەی کارو موچەیەکی بەرزەوە هەیە تابتوانن لەو ڕێگایەوە ژیانی ئایندەیانی پێ بنیات بنێن.